

کیسی نایلۆن

زیاتر لە ٥٠ ساڵ دەبێت بەکارهێنانی کیسی نایلۆن لە کوردستاندا تەشەنەی سەندووە بۆتە نەریتێکی باوو کە تاکەکانی ئەم هەرێمە پشتی پێدەبەستن و ڕۆژانە دەیەها دانەی لێبەکار دەهێنن، بەلام هاولاتی مەترسییەکانی نازانن. لە ڕابردوودا خەڵکی هەرێم توورەکەی خام و کیسی کاغەز و زەمیلە وچارۆکەو کەشکۆڵ و دەفر بەکاردەهنێرا بۆ مەبەستی هەڵگرتن و گوێزانەوەی کاڵاکان. لە ئێستادا دانیشتوانی جیهان ساڵانە ٥ ترلیۆن کیسی نایلۆن بەکاردەهێنێت. بەکارهێنانەکانی لە ولاتێکەوە بۆ ولاتێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە، هەر تاکێک لە ئەمەریکا ساڵانە ٣٦٥ کیسی نایلۆن بەکاردەهێنێت، تاکی دانیمارکیش ساڵانە تەنها ٤ کیسی نایلۆن بەکاردەهێنێت. لە دوای گەشەسەندنی زانیاری مرۆڤ سەبارەت بە تەندروستی و ژینگە دەرکەوت کە زیانەکانی بەکارهێنانی کیسی نایلۆن بێشوومارن و کوشندەن.

زیانە تەندروستییەکانی کیسی نایلۆن:

- ساڵانە هەزاران گەردیلەی پلاستیک دەچێتە جەستەی مرۆڤەوە لە ڕێگەی خواردن وخواردنەوەو هەناسە و پێچانەوەکان.
- کیسی پلاستیکی بەرهەمی ووزەی نەوت و گازە، بڕێکی زۆر لە تەنۆلکەی بچوک و مایکرۆپلاستیکی نەبینراو بەرهەم دێنێت کە زیان بە خانەکانی مرۆڤ دەگەیەنێت، ئەنجامەکان بە شێوەیەکی زۆرینە دەریانخست کە مایکرۆپلاستیک دەبێتە ژەهراویبوونی خانەیی و مردنی خانەکان و سیستەمی بەرگری مرۆڤ لاواز دەکەن و دەبێتە هۆی گۆڕانی خانەکان و دروستبوونی شێرپەنجەوە.
- بەرکەوتنی پلاستیک ڕەنگە کاریگەری لەسەر نەوەکانی داهاتوو هەبێت پێش لەدایکبوونیان،مایکرۆپلاستیکەکان لە دایکەوە دەگوازرێنەوە بۆ سەر کۆرپەلە لە ڕێگەی منداڵدانەوە.کۆرپەلە ١٥ هێندە زیاتر مایکرۆپلاستیک لە جەستەیاندا هەیە لە چاو گەورەکان.
- توێژەران پێیان وایە مرۆڤ ساڵانە نزیکەی ٥٣ هەزار و ٨٦٤ گەردیلەی پلاستیکی لە خواردنە دەریاییەکان دەخواتەوە کە یەکسانە بە ١٧ کارتی بانکیی.

کاریگەری کیسی نایلۆن بۆ سەر ژینگەکەمان :

- بەرهەمە پلاستیکیەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ پیسبوونی هەوا، لە جیهانیدا بڕی ١،٨ ملیار تۆن لە دەردانی کاربۆن بۆ پلاستیک دەگەڕێتەوە، کە یەکسانە بە ٣،٧%ی دەردانی کاربۆن لە جیهاندا
- تەنها ١٤ کیسی نایلۆنی هاوتای ئەوگازەیە کە پێویستە بۆ لێخوڕینی یەک میل بە ئۆتۆمبێل.
- کیسی نایلۆن بۆ سەدەها ساڵ دەمێنێتەوە لە ژینگەدا بەڵام زیاتر لە ٨٧%ی ئەو مادانە هەرگیز ڕیسایکل ناکرێن
- کیسی پلاستیکی دەبێتە هۆکاری دەردانی ژەهرەکانی ئاوی ژێر زەوی لە زبڵخانەکاندا
- لە ڕێگەی سوری خواردنەوە ئاژەڵەکان کاتێک پلاستیک دەخۆن وەک تەنۆلکەی بچوک دەچێتەوە ناوجەستەیان، ئەم ئاژەلانەش دەبنەوە بە خۆراکی مرۆڤ

- له بەرهەمهێنانی کیسی پلاستیکدا بڕێکی زۆر ووزە بەکاردەهێنرێت، بەرهەمهێنانی پلاستیک پێویستی بە دەرهێنانی کەرەستەی خاو هەیە، وەک نەوتی خاو یان گازی سروشتی و پرۆسەی وزە زۆر بۆ گۆڕینی بۆ پلاستیک.
- کیسی پلاستیکی ساڵانە دەبێتە هۆکاری مردنی زیندەوەرانی ناو دەریایاکان
- سووتاندنی پلاستیک تا ئێستاش ڕێگەیەکی باوی فڕێدانی پلاستیکە لە زۆربەی وڵاتان، هەروەها ڕێژەیەکی بێ وێنە لە ماددە کیمیاییە زیانبەخشەکان، وەکو پۆلیکلۆرینەد بایفینێل دەخاتە هەوا

.

ئەی چارەسەر:

- توورەکەی خام و زەمیلە و کەشکۆڵ وچارۆکەو دەفر و کیسی کاغەزبەکار بهێنە لە کاتی بازاڕکردندا
- هەرکاتێک دەتوانیت کیسە نایلۆنە گەورەکان دووبارە بەکاربهێنەوە
- کیسی زبڵ و زیندەیی هەڵبژێرە بۆ بەکارهێنان بۆ فڕێدانی زبڵ
- خواردنەکان لەبری کیسی نایلۆن لەناو دەفردا لە ساردکەرەوەدا دابنێ





